کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-4-2007 0:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەڵسەنگاندنێک کە بزانین ئایا ڕاگەیاندنی کوردی توانیویەتی ئاستی هەستی نەتەوەیی کورد بەرزتر بکات یان ئەو هەستە لای گەنجی کورد دروست بکات ... سلێمان پشدەری

ئێمە ئەمڕۆ دەبینین دوو جۆر ڕاگەیاندن هەیە یەکێکیان لە ناو باشوری کوردستان و یەکیشیان لە دەرەوە. بە داخەوە ئەوەی کە لە ناو باشوری کوردستانە بەلای هەستی نەتەوەیی دا ناچێت، دەبوو هەر لەیەکەم ڕۆژی ئازادکردنی کوردستان نووسەران زیاتر بابەتەکانیان لەبارەی نەتەوەیی ببا نەک لەبارەی شتی تر، کە من زۆر بەکەمی لە ڕۆژنامەکاندا ئەم شتە ئەبینم.
کوردستان لە ساڵی 1991 لە دەستی داگیرکەران ڕزگار کراوە ئەمە بۆ نزیکەی 17 ساڵ ئەڕوات ئایا نووسەران بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ئەو گەنجانەی یاخود ئەو لاوانەی کە لە کۆتایی هەشتاکان لەدایک بوون، زەبر و ستەمی بەعسیان نەبینیوە و ئێستا لە ئازادی دا دەژین و ڕۆژێک لە ڕۆژان دڵە ڕاوکێ و خۆشاردنەوەو ترسی گرتنیان نەبینیوە و کەسێکیش بۆیان باس نەکات کە ئەم نەتەوەیە چی بەسەر هاتووەو چەند قوربانی داوە تاوەکو گەیشتووە بەم ڕۆژە، بەڵام بەداخەوە ئەوان نازانن و کەسیش بە تەواوی بۆیان باس ناکات، هەروەها لەوانەیە لای زۆربەی لاوان هەندێ شت هەیە باسی بکەی کە کورد ئاوا قوربانی داوە و ئاوا خەباتی کردوە هەر پێکەنینیان پێی بێت، ئەمە کەمتەرخەمی کێ یە؟ ئەگەر نووسەرەکانمان هەندێک لەو نووسینانەی کە بڵاوی ئەکەنەوە باسی هزری نەتەوەیی بێت باش تر نیە؟ هەروەها کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمیشی تێدایە چونکە دەبوو هەروەکو ڕژێمی بەعس لەم بارەوە بۆ میللەتی عەرەبی کرد لە قوتابخانەکان وانەیەکی دانابوو بە ناوی ڕۆشنبیری نەتەوەیی (ثقافەالقومیە)، کوردیش مەبەستم لە حکومەتی هەرێم وەزارەتی پەروەردەیە کە دەبوو هەر لە قۆناغەکانی سەرەتاییەوە ئەم وانەیەی داناباو هەر لە زووەوە بۆ ئەوەی لاوانی دواڕۆژی میللەتەکەمان مێشکیان پڕ ببوایە بە هزری نەتەویی و هەستی نەتەوەیی، نەک لەوانەیە لە لاوێک بپرسی ئەم سەرکردەیە کێیە نەزانێت کێ بووە و چی بۆ گەلی کورد کردوە، هەروەها بەهەمان شێوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تاوانبارن کە لە جێگای گۆرانی و ڕەقس و سەما دەبوایە لە هەفتەدا دوو بەرنامەی هەبوایە لەسەر هەستی نەتەوەیی و خەڵکانی پسپۆری میوان بکردبا بۆ باس کردن و لێکۆڵینەوە.
بێینە سەر دەرەوەی ووڵات بەداخەوە زۆر بە داخەوە هەندێک کەس ئازادی بیر و ڕا دەربڕین بە بەرهەڵایی و جنێودان و ناو و ناتۆرە تێگەیشتووە، بەڕێزان ئازادی مانای ڕێز و حورمەتە نەک جنێو دان و ناو و ناتۆرەو سوکایەتیی کردن، بۆیە بەشێکی زۆری بیری لە لای هەستی نەتەوەیی نەماوە تەنها ڕەخنەی نابەجێ و هێرشکردن بۆ سەر سەرکردایەتی و قسەی ناشیرین ووتن، من دەڵێم بەڕێزم کەس نیە ڕەخنەی نەبێت و کەسیش نیە بێ کەم و کووڕی بێت بەڵام ڕەخنە گرتنیش دوو جۆرە ڕەخنەی دروستکەر و ڕەخنەی رووخێنەر.
کەس ناڵێ ڕەخنە مەگرە بەڵام کاتێک ڕەخنە دەگری چارەسەرەکەشی دەستنیشان بکە.
بۆیە لەبەر ئەم شتانە بیری نەتەوەییان نەماوەو کاتی نوسینی بابەتی نەتەوەییان نیە و ناتوانن لەڕووی نوسینەکانیان بیری نەتەوەیی بخەنە مێشکی لاوەکان، ئێمە باش دەزانین لە دوای ڕاپەڕینەوە و بەهۆێ شەڕی خۆکوژی کوردێکی زۆر ئاوارەی هەندەران بووە و زۆریان بە خێزانەوە و هەندێکیشیان لە هەندەران خێزانیان پێک هێناوە، باشە ئەو منداڵانەی لە هەندەران گەورە بوون و یان لە هەندەران لە دایک بوون ئایا بیری نەتەوەییان هەیە؟ لەوە زیاتر کە لەیی بپرسن تۆ چیت دەڵێ من کوردم، بەڵام ئەگەر کەمێک مێژووی کوردی لێبپرسن بەدڵنیاییەوە هیچ شارەزاییەکی نیە دەستە وەستان ئەوەستێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەواتە ڕاگەیاندنی دەرەکیش کە ئەمڕۆ لە کەناڵە ئاسمانیەکان و ئەنتەرنێت دا خۆی دەبینێتەوە نەیان توانیوە وەکو پێویست خزمەت بە هزری نەتەوەیی و بیری نەتەوەیی بکەن تا لاوەکانمان گۆش بکەن لەسەر بیری نەتەوەیی.

میللەتانی جیهان توانیویانە کەلتووروی خۆیان بپارێزن و نەتەوەی خۆیان بپارێزن بەڵام کورد تا ئەمڕۆ زۆر بە کەمی بیری لەوە کردۆتەوە، وە هەموو شتێکیش دەسەڵات لێی بەرپرس نیە ئێمە خۆمان دەبێ وەکو نەتەوەکانی تری سەر زەوی هەست بەو ئەرکە نەتەوەیی یە بکەین.

لە کۆتایی دا دەڵێم ئەو نوسەرانەی کە نووکی قەڵەمەکانیان بۆ دژایەتی دەسەڵات و حکومەتی هەرێم بەرز کردۆتەوە ئەگەر بۆ بیری نەتەوەیی بەکاری بهێنن ئەو کات کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی جیهان دەتوانێ بیری نەتەوەیی خۆی بپارێزێت.

بۆیە من لێرەوە لە کۆتایی نوسینەکەم داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیری کە بە زووترین کات ئەم کارە نەتەوەیی یە جێ بەجێ بکەن بۆ ئەوەی لاوانی دواڕۆژی میللەتەکەمان لە هەست و بیری نەتەوەیی بێ بەش نەبن وە داوا لە هەموو نوسەران ئەکەم ئەوانەی کە بە ڕاستەقینە نووسەرن کە هەستن بە ئەرکی سەر شانی خۆیان و لاوانی دواڕۆژی کورد هۆشدار بکەنەوە لە بیر و هەستی نەتەوایەتی. نەک ئەوانەی بەس بە خۆیان ئەڵێن نووسەر هیچیش لە پرەنسیبەکانی نوسین و ئازادی نازانن

هیوا دارم لە نوسینەکەم هەستی کەسم بریندار نەکردبێت.

بژی کورد ... بژی کوردستان

لەندەن 2007/04/22

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.